جۆر و شێوەکانی بوونی کاریکاتێر لە ڕۆژنامەگەریدا (بەشی 5) ... هەندێن خشناو

وێنەی کاریکاتێریی دەتوانێت لە ڕۆژنامەگەری خولاودا بە چەندین شێوەی جیاوازەوە بوونی هەبێت، بە گوێرەی ئامانجە دیاریکراوەکانی یان ئاماژە زێرەکانی تێرەوە، لە نێو ئەو شێوانەشەوە دەتوانین باس لەم شێوانەی خوارەوە بکەین: 1- گۆشەی سەربەخێ.

2- کاریکاتێری بەاوکراوە لە گۆشەیەکی ڕۆژنامەوانی تردا:

زۆرێك لە ڕۆژنامەکان کاریکاتێر لەگەڵ بابەتە هەواڵی و ئەدەبیەکانی تردا بەاودەکەنەوە، بەمەبەستی ڕوونکردنەوە و پەرشبەخشینی زیاتر، لەوانەیە ئەم کاریکاتێرانە لە بابەتە بەاوکراوەکەدا هەڵنجرابن، دەستەی نووسەران بابەتەکەیان پیشانی کاریکاتێریستەکە دابێت و داوایان لێکردبێت، کە کاریکاتێرێکی گونجاو بۆ بابەتەکە بکێشێت، لەوانەشە کاریکاتێریستەکە پێشتر کاریکاتێرێکی سەربەخێی کێشابێت و بابەتەکەی لەگەڵ بابەتەڕۆژنامەوانیەکەدا لەیەك بچن، لەوانەشە بگونجێت کە بکرێتە گۆشەیەکی سەربەخێ، بەڵام لەم حاڵەتەدا و بەم شێوەیەی کە لەگەڵ بابەتێکی تردا بەاودەکرێتەوە، پایەی دووەمی دەبێت لە بابەتە ڕۆژنامەوانیەکەدا، واباوە ئەم جۆرە کاریکاتێرانە کە بەم شێوەیە بەاودەکرێنەوە بۆ خوێقاندنی هاوسەنگیەکی دەروونی و ستاتیکی، خوێنەر چێژ و زانیاری وشکیش لە هەمان کاتدا وەردەگرێت، لاپەڕەی ڕۆژنامەکەش بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش بە تێکەڵکردنی هەردوو توخمی نووسین و وێنە دەردەکەوێت، بەڵام ئەگەر کاریکاتێرەکە کە وێنای ئەو بابەتە دیاریکراوە دەکات، لە پێکهاتەکەیدا بریتیە لەو زانیاریانەی کە لە بابەتە ڕۆژنامەوانیەکە هەڵنجراوە، لێرەدا کاریکاتێرەکەڵ دەچێتە نێو پێکهاتەی بابەتەکە و دەبێتە بەشێك لێی و ڕۆڵی هاوکاری بابەتەکە دەگێڕێت، لەم حاڵەتەدا بوونی کاریکاتێرەکە پەیوەستە بە بوونی بابەتەکەوە، بەبێ بابەتەکە کاریکاتێرەکە نادیار و ماناکەی لە دەستەدات. ئەم دیاردەیە لە زۆرێك لە ڕۆژنامەکاندا بوونی هەیە، کە هەوڵی پشکەشکردنی مادەکانیان دەدەن بە پێکهاتەیەك لە چەندین شێوازی هونەری، بابەتەکە بە هێکی بەرچاو پیشان دەدات، و کەمەربەندی دەکات بە

چوارچێوەیەك، و پشتگیری دەکات بە وێنە و تابلۆ و شتی تر، بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین خوێنەر بۆ ئەم بابەتە.

3- کاریکاتێری وەرگیراو لە ڕۆژنامەیەکی دیکە:

زۆرێك لە ڕۆژنامەکان شێوازی وەرگرتن یان گواستنەوە لە ڕۆژنامەکانی تردا پەیڕەودەکەن، بە تایبەتی لە بواری کاریکاتێردا ئەم نەریتە باوە، زۆرجار خوێنەر کاریکاتێرکی بەرچاودەکەوێت کە هاوپێچ کراوە بە دەستەیەك (لە فڕانە ڕۆژنامە وەرگیراوە). ئەم ئاماژەپێکردنەش زۆر پێویستە لە حاڵەتی بڵاوکردنەوەی کاریکاتێرێك یان تابلۆیەك بەمجۆرە.

ئەم دیاردەیە دەرئەنجامی ئەرێنی و نەرێنی هەیە، لە دەرئەنجامە ئەرێنییەکانی ئەوەیە کە ئەم ڕۆژنامەیە تابلۆ کاریکاتێرییەکە دەگەیەنێتە ئەو خوێنەرانەی کە توانای بینینی ئەم کاریکاتێرەیان نیە لەو ڕۆژنامەیەی کە کاریکاتێرەکەی لێوەرگیراوە، لەبەر چەند هۆیەك، لەوانەیە ڕۆژنامەکە لە وڵاتێکی دیکەوە دەربچێت، یان بە زمانێکی دیکەوە دەربچێت، تەنانەت ئەگەر لە هەمان وڵات و بە هەمان زمانیش دەربچێت، لەوانەیە ئەم کاریکاتێرە گرنگیەکی تایبەتی هەبێت، بۆیە ئەم ڕۆژنامەیە دووبارە بڵاویدەکاتەوە بۆ دووپاتکردنەوەی ئەم گرنگیە.

دەرئەنجامە نەرێنییەکانیش خۆیان لە یاسا و ڕێساکانی پەیوەست بە مافی بڵاوکردنەوە و چاپکردن دەبیننەوە، ئەمەش بابەتێکی یاساییە لە دەرەوەی باسەکەمانە، لەوانەشە دووبارەکردنەوەیەکی کرچوکاڵ بێت، ئەو ڕۆژنامەیەی کە بابەتێك پێشکەش دەکات لە ڕۆژنامەیەکی دیکە وەرگیراوە و گواستراوەتەوە، کە ئاستی بڵاوکردنەوەکەشی لەو کەمتر نیە، لەوانەیە لە هەمان وڵاتیش دەربچێت، خوێنەر بەبەش دەکات لە دیتنی شتێکی نوێ و تووشی بۆمەدی دەکات لە تام و چێژ وەرگرتنێکی نوێ، بەربڵاویی ئەم دیاردەیە وێنایەك لای خوێنەر دروست دەکات، کە ئەم ڕۆژنامەیە توانای پێشکەشکردنی بابەتی سەربەخۆی تایبەت بەخۆی نیە، و ڕۆژنامەیەکی نەداڕە لە ڕووی کارزان و کاردێری گرنگەوە، کەواتە ڕۆژنامەیەکی بە کەموکوڕییە و شایستەی ڕۆزگرتن نیەێ، بۆیە وا چاکترە کە لەنێو کاردێرانی هەر ڕۆژنامەیەك بۆجگە لە پسپۆرانی دیکە، هونەرمەندێکی کاریکاتێریست یان زیاتر هەبێت، ئەگەر دیاردەی (گواستراوەتەوە لە) ی بەکارهێنا، نابێت لەسەر حیسابی کاریکاتێرەکانی خۆی بێت، بەردەوام شتی نوێی خۆی پێشکەش بە خوێنەرانی بکات و تووشی دووبارە و بۆزاریان نەکات، تا

لێی دوورنەکەونەوە.

لە ژوانەوە بۆ دابڕان لە شیعری بەیەکگەیشتنێکی دژار_دا … سەدیق سەعید ڕواندزی

زمان، یەکێکە لە هەگەزە سەرکییەکانی شیعر. هەروەك مالارمێی شاعیری جیهانیش دەڵێت:(شیعر تەنها زمانە). بێگومان زمان لێرەدا هەهەندێکی دیکەی هەیە. چونکە ئەگەر زمانی شیعری هەمان زمانی ئاسایی دەربڕین بوو، ئەوا جیاوازییەك نامێنێتەوە لە نێوی فۆرمی زمانەوە. زمان لە شیعردا،وێنەی هونەری، واتا،شیعرییەت و چێژو ئستاتیکایە. ئەوە گرنگ نییە زمانی دەقێك سادەیە یان ئاڵۆز، ڕوونە یان تەمومژاوی، بەڵکو ئەو زمانە چەند دەتوانێت لە خولقاندنی شیعرێکی جواندا، ئێ ببینێت ئەوە گرنگە.زۆربەی شیعرەکانی عەبدوڵا پەشێو، لە نێوی زمانی شیعرییەوە، هەڵگری وێنە و دەربڕینی سادەن، کە بە ڕادەیەك هەموو خوێنەرێك لێی تێدەگات، وەلێ پەیام و مانای شیعرەکان، وێنە و ئستاتیکای زمان لای ئەو شاعیرە، بە شێوەیەکە کە ئەگەر بەر شیعرێکی بکەوین ناتوانین لە یادی بکەین. واتا زمانی شیعری ئەو شاعیرە، زمانێکی سەرنجڕاکێشە، زمانێکە کە لەوشەو کەرستە سادەکانی زمان پێکهاتووە. بەو مانایەی هیچ ئاڵۆزییەك نابینین لە ئەزموونی شیعریدا.بێگومان زمان وەك ئامرازێك، بە پێی قۆناغەکانی گەشەکردنی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی گۆڕانی بەسەر دادێت و پێش دەکەوێت.

لە شیعری کلاسیکدا،ژمارەیەکی زۆر وشەی عەرەبی و فارسی و تورکی دەبینین، چونکە ئەو کات زمانی کوردی لە ژێر کاریگەریەتی ئەو زمانانە دابووەو هەشتا زمانی کوردی نەبۆتە بە شێك لە دنیابینی نووسەران و گوتاری دەقەکان. وەلێ لە دوای سەکانی سەرەتای بیستەکانی ڕابردوو، وردە وردە زمانی کوردیش جۆرێك لە فۆرمی پەتی بوونی کوردی وەردەگرێت و شێوەیەکی دیکەی ئەزموونی شیعری لەسەر دەستی گۆران دادێت. بەڵام هەشتا وشە و زاراوەی عەرەبی لە بەشێکی

زۆری ئەو شیعرانەش دەبینین کە ئەو کات نووسراون. لە گەڵ بەرە و پێشەوە چوونی ئەزموونی شیعریی و زمانیشدا، دواجار زمانی کوردی دەبێتە زمانی سەرەکی دەقی ئەدەبی و شیعریش بە تایبەتی. لە سەرەتاکانی سەدەی ڕابردوودا، زمانی شیعری دەقەکان زمانێك بووە، تێکەڵییەك لە زمانی عەرەبی و کوردی.

زۆربەی دەستەواژە و دەربڕینە شیعرییەکان عەرەبین. ئەمەش وەك سیمایەکی ئەدەبی بە شیعری ئەو قۆناغەوە دەبینرێت.شیعری(بەیەکگەیشتنێکی)دڵزاری شاعیری دیاری کورد، یەکێکە لەو شیعرانەی کە جێگیرێك لە پەتیبوون و هەسەنیبوونی زمانی کوردی لە ڕووی وێنەی شیعری و دەربڕینەوە تێدایە.ئەم شیعرە لە ساڵی 1946نووسراوە. کاتێ دەیخوێنینەوە(چەند وشەیەکی کەمی لێدەرچێت کە عەرەبین)واهەست دەکەین شیعرێکە بە زمانی ئێستا نووسراوە. لەکاتێکدا زمانی کوردی لە سەرەتای چلەکاندا، زمانێکی تێکەڵ لە عەرەبی و کوردی بووەوە لە زۆربەی شیعری شاعیرانی ئەو سەردەمەدا،درك بەو خاسیەتەی شیعردەکەین. وەلێ لەو شیعرەی دڵزاردا، زمانێکی هونەری، جوان،مۆزیکی لە دەربڕین و وێناکردن تێدایە. ئەم شیعرەی دڵزاری شاعیر،وەك وێنەیەکی سێ هەهەندی وایە و لەهەر لایەکەوە بڕی بڕوانیت، جوانییەکی تێدا دەبینی. جوانی لەو شیعرەی دڵزاردا، کە بێگومان جوانی ئافرەتە، لە دیمەنی وێنەیەکی فۆتۆگرافی دەچێت، کە بە کامیرای فول ئێجدی چریکابێت. چونکە ئەویش بە شێوەیەك وەسفی یار دەکات لە ژووانێك، کە تیایدا هونەرێکی بەرز لە کاری وەسفکردن بنوێنێت.
ئەگەرچی وەسف، هەگەزێکی سەرەکی ڕۆمان و چیرۆکە،بەڵام لەو شیعرەی دڵزاردا، بونیادێکی هونەری دیاری دەقەکەیە. چونکە ئەو بە ئەندازەیەك وەسفی هاتن و ڕۆیشتنی یارەکات، کە ببێتە جێی تێڕامانی مرۆڤ، بە بێ ئەوەی لە ئاستی دیتن و بەریەککەوتندا ئەوجوانەی هەر بینیبێتیش، بەڵام بزانێت لە بەرامبەر چ جوانێکە. واتە ئێمەجوانێکی دیکە کە بەرمەبنای جوانی ئەو وەسفەی دڵزارە لە شیعرەکەدا دەبینین.لەلایەکی دیکەوە،تەواوکاری مانای شیعری لەو شیعرەی شاعیردا لە ئاستێکدایە، کە لە خاڵێکەوە دەست پێدەکات و بەردەوام دەبێت تا دواخاڵ.
بەو مانایەی ئێمە لە خوێنەوەی ئەوشیعرەدا، لە بەردەم نیوە ماناو پارادۆکسی واتای شیعری نین، وەك ئەوەی لای بەشێکی نەوەی نوێی دوای ڕاپەڕین بوونی هەیە. بەڵکو کە شیعرەکە دەخوێنینەوە، وەك ئەوە وایە چیرۆکێك گوێبیست ببین، یان دیمەنەکانی فلمێك ببینین، کە هەموویان تەواوکەری یەکترین و بە قرتاندنی دیمەنێکیان، مانای

ئەوی تریان نامێنێت. بەڕام لەو شیعرەی دڵزاری شاعیردا، کە شیعرێکی هاوسەروایە و لە سەر شێوەی شیعری کلاسیك نووسراوە، پەیوەندییەکی بابەتی و ئۆرگانیکی لە نێوان وشە و دەربڕینەکان، وەسف و وێنەکان هەیە.شاعیر لەو شیعرەیدا، وەسفی دەرکەوتنی یارمان بۆ دەکات، هەر لە سەرەتاوە تا دەگاتە لای ئەو، دواتریش کە ژووانەکەیان بە لە یەکتری جیابوونەوە کۆتایی دێت.ئەمەش بەشێکە لە تەواوکاری مانای شیعری. وێنە و دەربڕینەکان، دیمەن و گوزارشتکردنەکان،هەموویان یەکتری تەواو دەکەن، تاسەرەنجام لەو شیعرەدا جوانی هەڵبەست دەگاتە تڕپەك. دڵزار لە سەرەتای شیعرەکەیدا دەڵێت:_

نیگاری نازدار بەلارو لەنجە..
هات لەدڕ دەرکا ئێش و ئەشکەنجە.
هەروەکو جاران لە باخ و ڕەزان
لەگەڵ دەستەیەك لە لێو قورمزان..
گەڵا تا گەییە لای من هەر ئێستە..
پێی ڕاگرت وەستا بەو چاوە مەستە..

بۆگومان دەسپێکی هەر دەقێك، ئەڤەی بە یەکەوە گەیاندنی خوێنەرو دەقە، دڵزار لەو شیعرەیدا، هێندە هونەرییانە باسی یارمان بۆ دەکات، کە بە تاسەوە چاوەڕوان بین کە دواتر چی ڕووەدات. بە دەربڕینێکی تر، دەسپێکی ئەو شیعرە، فۆرمێکی چیرۆك ئامێزی هەیە کە گرێدانەوە ڕەگەزی سەرەکییەتی. بۆیە کاتێ دەسپێکی شیعرەکە دەخوێنینەوە، وەك ئەوە وایە چیرۆکێکمان بۆ باس بکرێت، کە لە چاوەڕوانی ئەوە دابین ئاکامەکەی بەچی دەگات. شاعیریش وەسفی هاتنی یارەکەی بە لە نجە و لاردەکات.دەرکەوتنی یار لێرە، هەر تەنها تاسەی بینینی شاعیر ناشکێنێت، بەکو ڕێی حەکیمکیش دەبینێت، کە ئەو ئێش و ئازارە لەدڕ دەردەکات کە پێی گیردەیە.پێشتریش ئەو، چەند جاری تردەرکەوتووە، بۆیە بە دابڕانی جارێکی دیکە هەمان ئێش و ئازار لای ئەو نوێدەبێتەوە. هەر وەکو جاران، مانای وایە پێشتریش یار دەرکەوتووە وهەمان ئێش و ئازاری لە دڕ سڕیوەتەوە. هاتنی یار، لە گەڵ پڕلێك لە لێو قورمزان بۆ ناو باغەکان، هاتنێکی تایبەتە.

لێو قورمزەکان ئەگەر لەو دەرکەوتنەیان مەبەستێکی گشتییان هەبێت، ئەوا یارەکەی شاعیرلە نێو ئەواندا، دەرکەوتنی بۆ مەبەستێکی دیکەیە، ئەویش شادبوونەوەیە بە یارەکەی. بۆیە ئەو لە هیچ شوێنێك ئاڤە ناگرێت تا نەگاتە لای ئەو.ئەمە سەرەتای ئەو ژووانەیە کە شاعیر لە پەراوێزی هاتنە دەرەوی یار لە ماڵ چاوەڕێی دەکات.ئەگەر

چی یار لەگەڵ دەستەیەك لە لاو قورمزان دێتە دەرەوە بۆ دەشت ودەر، وەڵێ ئەمە بەهانەیەکە بۆ ئەوەی لەو هاتنە دەرەوەیدا چاوی بە خۆشەویستەکەی بکەوێت. کە دەگاتەلای ئەو،ئیدی وەسف لێرەدا لە جوانی سرووشتەوە دەگۆڕێت بۆ جوانی یار. وەك چۆن گۆرانی داهێنەریش، تەبیعەت بە بۆوناکی دەبینێت ئەگەر بزەی یاری لەگەڵ نەبێت. دێزاری شاعیریش، لە وەسفی جوانی یاردا، لە شیعری بەیەکگەیشتندا دەڵێت:_

ئەو خوردە ساڵەی کە بۆ دیعایە..
شوعلەی کۆمانی وەك شەو چرایە..
بۆ سووتانی دڵ چەشنی ئاگرە..
هەرچەند لە پەڕەی گۆڵ ناسکترە..

ئێمە لێرەدا لە بەردەم جوانییەك داین، کە ڕەسەن و سرووشتییە، جوانییەك نییە دەستکرد ومکیاژی و فریودەر(وەك ئەوەی ئێستا هەیە) بەڵکو جوانییەکە کە خۆی پیشانی هەمووان دەدات وپێویست بەوە ناکات ڕیکلامی بۆ بکرێت.ئەگەرچی ئەو جوانییە بۆ شاعیر، سەرچاوەی سووتان و ژانە،تینی لە ئاگر بە هێزترە، بەڵام وەك پەڕەی گولیش ناسکە. بۆگومان یەکێك لە خەسڵەتەکانی شاعیری جوانووس و داهێنەر، خوڕقاندنی وێنەیەکی هونەری جوانە بە زمان،دێزار لێرەدا،دووهاودژی کۆکردۆتەوە و وێنەیەکی باڵای هونەری شیعری لە دروست کردوون.هەرچەندە کۆمەکانی شوعلەیان تێدایە،بەڵام لە پەڕەی گوێیش ناسکترن.بەمەش شاعیرنەك هەرهەست بە هیچ ئازارێك ناکات لە کاتی بینینی جوانی یار، بگرە واهەست دەکات پەڕەیەکی گۆڵ دەبینێت کە ناسك و جوانە و تازە شکۆفەی کردووە.شاعیر وەك ئەوەی کەڤاڵکی جوان بنەخشێنێ، بەردەوام دەبێت لە وەسفی ئەوخوردە، ئیدی هەموو ئەدگارەکانی وەسف دەکات. بەڵام وەزیفەی دیتن لێرەدا کۆتایی نایەت، بە دەربڕینکی تر،شاعیر هەر تەنها لە پێناو جوانیدا وەسفی ئەو خوردە باڵابەرزە کە ئەگەر ئاوریشم بگرێت پەنجەکانی دەگوێن،ناکات، بەڵکو مەبەستکی دیکەی هەیە کە دەشێ تەنها بە هەمای چاوەکان بیگەیەنێت.ئەویش ژووان و بەیەکگەیشتنی نێوانیانە. بۆیە ئەمجارەیان شاعیر دەڵێت:_

منیش چاوەکم بۆیە چاوانی..
بە زمانی عەشق زۆر بە ڕەوانی..

بۆگومان زمانی گۆڕینەوەی ڕازو عەشقی نێوان ئەو دووکەسە، زمانی گوزارشتکردن نییە، بەڵکو زمانی هەماهەنگ،چاو، ڕازەکانە, واتا تەنها

بە ڕوانین یار دەزانێت مەبەستی ئەو سەیرکردنە چییە، ڕوانینکی ئاگوزەرە، یاخود بینینکی قووڵە کە ئازو مەبەستی دیکەی لە پشتە کە ئەویش خۆشەویستی و ژووانی بە یەکگەیشتنە. شاعیر لە بری زمان، بەچاو ئەوە ئاماژەیە بۆ یاردەگەیەنێت کە خۆشی دەوێت.وەک یار لێرەدا، وەک گفتوگۆو قسەکردن نییە، بەکو ئاماژەکانی چاون. دوای ئەوەی شاعیر بە چاو مەبەستەکەی بە یار دەگەیەنێت، یاریش دەزانێت ئەو ڕوانینە بۆ مەبەست نییە، بۆیە هەر بە ئاماژەی چاوەکانی، وەک تەماشاکردنەکەی شاعیر دەداتەوە کاتێ دەڵێت:_

نهێنی دەم لە دیدەکانی
یەك یەك خوێندەوە سەرپاکیم زانی.
زانیم کە ئەویش ئەو گۆنا گوڵە..
وەك من گیرۆدەی ئازاری دڵە..

ئەو گۆڕینەوەی ئازو نیازەی نێوانیان، سەرەنجام ئەو ئاماژەی بۆ هەردووکییان گەیاند، کە وەك یەك گیرۆدەی خۆشەویستی نێوانیانن. هەردووکییان یەکتریان خۆشدەوێت و لە ئازی دڵی یەکتری ئاگادارن.دوای ئەوەی هەردووکیشیان گەیشتنە ئەو ئاستیەی کە ئاشقی یەکترین، ئیدی ئەو ژووانە کاتایی دێت و هەریەکەیان دەگەڵتەوە شوێنەکەی خۆی. لە پاش ئەو دیدارەی هاوشێوەی بروسکەیەك بە خەرایی هاتوو نەما، ئەمجارەیان شاعیر دەڵێت:_

لە پاش دیدەنی و ئەوگفتوگۆیە..
هەریەك بەلایەك چووینەوە کۆیە…
ئەولەگەڵ دەستەی دەستە خوشکانی..
منیش لەگەڵ دڵەی زام و بریانی..

ژووان و یەکتر بینینی ئەوان لێرەدا تەواو دەبێت، وەلێ کاتایی نایەت، چونکە مەبەستەکە گەیشت.لەو دووداوەی دواییدا، خوێنەر هەست بە هوشیاریی و ئاستی توانای نووسینی شیعری دێزاردەکات، لە سەرەتاوە.چونکە ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین شاعیردەڵێت هەریەکەمان بەلایەکەوە چووینەوە کۆیە. واتا نەیویستووە کەس بەو خۆشەویستیەی نێوانیان بزانێت.چونکە ئەوسەردەمە، سەردەمێکی دواکەوتوو میللی بووە. خۆشەویستی نەبووە، تەنانەت دژ بە نەریتەکانی کۆمەگەش بووە.

بۆیە شاعیر بۆ ئەوەی یارەکەی لە هەموو پلارو شکاندنەوەیەك بە دووربگرێت، بە شێوەیەك وەسفی دابڕانەکەیان دەکات، وەك ئەوەی هەریەکتریان نەبینیبێت. ئەم شیعرەی دێزار،ئاستی تەواوکاری مانای تیادا بە شێوەیەکە، وەك ئەوەی ئێمە سەرەتا، ناوەڕۆك و کاتایی چیڕۆکێك ببینین و بخوێنینەوە. ئەمیش، شیعرەکەی بە هاتنە دەرەوەیەك، دواتر گۆڕینەوەی ئازو نیاز، پاشان لە یەکتری

دابەان،دەست پێدەکات و کۆتایی پێ دێنێت. شیعرێك كه هەفتاو سێ ساڵ لەمەوبەر نووسراوە، وەڵێ وەك ئەوەی خوێنەر شیعرێك بخوێنێتەوە لە ئێستا نووسرابێت وایە. ئەمەش دەریدەخات كه دەقی جوان، نەمرە و هەموو سنوورەكان دەبڕێت..

*ئەم شیعرە لە كتێبی(بژاردەیەك لە شیعرەكانی دێزار)لەساڵی_2018بڵاوكراوەتەوە…

یاریێك لێنێوان هەم و نیم؟ … حەمەی شانێ

ڕۆژگار زەر كورتەو
لەهەمان كاتیشدا زەریش درێژ
كاتژمێرەكان حاڵ هەر دەسوڕێتەوە
دەمێك لێچاوەڕوانیدای
لێت دەبێ بەكیسەڵكی پیری دەنگ كرخن
كە،دەنگی چركەچركەكانیشی ئازارت ئەدەن
دەمێك لێت دەبێ
بێئاسكەكوێلەیەك و هیچ هەوارز و هەنزەك
ناتوانێ بیوەستێنێ!
جا تۆ هاتووی دەتەوێ
بڵێشیعر.
بڵێبەنامەی تاوتوێ.
بڵێمایكی ئازاد.
بڵێمامۆستای زانكۆ.
سەر لەم یاریە دەربكەیت ؟

سەردەرمەكەدەرەوە
هەرگیز مەیارە دەرەوە لەماڵ
پۆیستە وەكو وشترمرخ
سەربخەینە ناوخانەوە
ناوخنی خەمان بدەزینەوە

پەم نانێی
ئەتوە سەردەربکەیت چی ببینیت ؟
بەجگە
لەسیاسی
لەشاعیر
لە پەشکەشکار
لەگەرانی بۆژ
لەکچی دایک مەدەرن
لەدوکانی فەلافل
لەدوکێنی کارگە
لە پەلیسخانە
هیچی تر نابینیت
ئەمانە
هەنەکیان
فیتەربون وسوبحانێا بون بەسیاسەت مەدار.
قەڵەمفرەش و
شاعیری بەردەم مایکی تیفیەکانن.
توتی ٢٤ کاتژمێری سەرشاشەکانێنگزیتەکانن.
سوبحانێا هەنەکی دی لەتەنەگەچێتیەوە
دەگاتە ئاستێک کەسە چوارسکرتێری هەیە
سوبحانێا لە سەیر و سەمەرەکانی ئەم سەنعەت!

یاری خراپترین چەکی دووژمن بووفێری کردین
تائاژدادەمان بسوتێنە
مرۆڤ فێربوو یاری بەمرۆڤ بکات
یاری بەگیانەوەران بکات
فێربوو یاری بەعەشق بکات
مرۆڤ فێربوو یاری بەووشەکان بکات
یاری بەتفەنگەکان بکات
یاری بەهەستی، یەکتر بکات
یاری بەنیشتیمانەوە بکات
یاری بەشکڵی خەکەوە بکات
وای،لەمرۆڤ وای لێئەوە!
خەزگە فێری شتێکی باش دەبوون
نەک یاری کردن. منیش حەزم بەیاریە
بەنام یاری بە مەمکی کچێیەک
یاری بە وێنەی سەرکردەکان

یاری لەگەڵ منادێکی نەوکەمپی ئاوارەکان
یاری لەگەڵ سەگبرسی و بەنازکانی کەنان
یاری لەگەڵ پیرەپیاوەکانی نەوچاخانە
یاری لەگەڵ با
لەگەڵ هەرشتێک بەس مرۆڤ نااا
کەدەمم مرۆڤ واتا مرۆڤی ئاستەقینە!
نەک ئەو مرۆڤانەی دەمامکدارن.
ئەو مرۆڤانەی هیچ بەهایەکی مرۆڤایەتیان تێدانیە
خۆ ووتم باسی مرۆڤ دەکەم
نەک ئەم جانەوەر و جەندرمانەی لای خەمان !

لای خەمان چ یارێکی نوێ داهێنراوە
سەت،ساڵ یەک یاری ئەکەین بەس بەئیسمی جیاواز
سەت ساڵ یاری لەسەرخاک دەکەین
یاری لەسەر شەرف دەکەین
یاری لەسەر فرمێسکەکانمان دەکەین
سەت ساڵ یاری لەسەرگان دەکەین
بێ ئاگاین لەزەمەن بێ ئاگاین لەخەمان
بێ ئاگاین لەئایندە ،هەرخەریکی یاریکردنین
بێ ئەوەی درک بەوبکەین ،ئەوەی یاری دەکا
ئەمنین ،ئەوەی یاری پێ دەکرێت ،یاری لەسەردەکرێت
ئەمین . بەڵێ خەمانین . بەڵێ خەمانین. ئەمین.

ئەو سەت ساڵەی ووتم بێبڕوانەتی مەزانن
بەڵام سەت ساڵ مرۆڤی ئاستەقینەبوینایە
ئەمستا
ترمپ بەکاوی کوردیەوە لەکەشکی سپی دەبوو.
دەی دادە لەبازاڕەکانی سویددەفرەشرا.
ڕۆژکی جیهانی دەبوو بە خواردنی دەمە!
لەئەکادیمایەکانی میوزیک لەجیهنان شمشاڵیش دەخونرا.

بەڵام خەمانین ،ئەمین سەت ساڵی خەریکی یارین
خەریکی ئەوین
بزانین .حیزب کەی یەک دەگرێ ؟
خانمان چۆن بیردەکەنەوە ؟
منا چۆن پەروەردە ئەکرێ ؟
کەمەگە چۆن بەڵێودەبرێ ؟
ڕەکەوت یا بەروار

ئازار یا ئادار ؟
بۆجدی ئەو خەمانین ، ئەو ئەمەین
کە خەریکی ئەمانەین؟

خەریکی هیچ مەبە
خەریکی هەرچیەک بوین لێدەستماندا
تەنهاخەریکی خۆتبە
منابەرەوو تەنها یاری لەگەڵ خۆت بکە
تەنها خۆت کەسی تر نا؟

یاریەکی نوێم دەزیەوەتەوە
پێویستی بەکەس نیە درێی بەبکەیت
دەماکی بە بپێشیت
کێڵە و،دەستەمێی بیت
سوک و ڕسوابیت

نا ئەم یاریە تەواو جیاوازە ئەتکات
بەمرۆڤی تەواو بەمرۆڤی ناستەقینە

یاریەکەبەم پێسیارە دەست پێدەکات

ـ هەم یا نیم؟

"حەمەی شانە"

هەمەتی 16 ڕۆژە چ دەسکەوتێکی دەبێت بۆ ئافرەتان... ئەحمەد کامەران

ڕاگەیاندنی هەمەتی 16 ڕۆژەی بەرەنگاربوونەوەی توندووتیژی دژی ئافرەتان هاوکاتە لەگەڵ 25 نۆڤەمبەر کە بە ڕۆژی لە ناوبردنی توندوتیژی دژی ئافرەتان دادەنرێت هەڵبەتە ئەم هەمەتە 16 ڕۆژەی کە ڕاگەینراوە هەروەکو ڕۆژانی تر بەشێوەیەکی ئاسایی تێپەر دەبێت

و هیچ دەستکەوتکی ئەوتۆی بۆ ئافرەتان نابێت و لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەتان بەردەوام دەبن لە ووبەووبونەوەی توندوتیژی لە بەرامبەریان, چوونکە ئەم هەمەتانە تەنیا لە قسەی بریق و باق خۆی دەبینێتەوە و هیچی دیکە …
قسەکردن لەسەر توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان بە کۆنفراسی نێو ژووڕە داخراوەکان چارەسەر ناکرێت بەکو پێویستە بە کردار و پڕۆژەی گەورەوە کاری لەسەر بکرێت, یەکێك لە هۆکارەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان دەگەڕێتەوە بۆ خراپی سیستەمی حوکمڕانی لە کوردستان بەتایبەتیش لەم ساڵانەی دوایی دا کە کۆمەڵگای کوردی خۆی لە چەندین قەیرانی دروسکراودا بینیەوە کە ئەمەش لە دەرئەنجامدا وای کرد گاریگەری بکاتە سەر شیرازەی خێزانەکانی نێو کۆمەڵگا , لەگەڵ ئەوەشدا نەبوونی سەنتەری ڕاشنبیری تایبەت بە بە خێزانەکان کە بە تایبەتی ئەوانەی ژیانی هاوسەرگیری پێك دەهێنن کە بۆ ئەوەی لە ڕاگای ئەو سەنتەرانەوە بزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ یەکتری دا دەکەن و خۆیان بپارێزن لە هەموو جۆرە توندوتیژیەك, چوونکە یەکێك لە هۆکارەکانی توندو تیژی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئاستی ڕاشنبیری.
لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆزکردنی لایەنی پەروەردە, واتە دەبێت پەروەردە هەر لە قۆناغی سەرتایی دا کار بکات لەسە دوورکوتنەوە لە توندو تیژی بە تایبەتیش لە بەرامبەر ژەگەزی مێدا کە منداڵەکان بەشێوەیەك پەروەردە بکرێن کە ڕێزو خۆشەویستیان بۆ یەکتر دروست بێت وە هیچ ژەگەزێك خۆی بەسەر ژەگەزەکەی تردا نەسەپێنێتەوە بۆئەوەی لە دەرئەنجامدا نەوەیەك و کۆمەڵگایەکی تەندروست دەستەبەر بێت بۆ داهاتوودا
ئەگەر بێت کار لەسەر چەندین پڕۆژەی هاوشێوەی لەم جۆرانە نەکرێت ئەوە بەردەوام کۆمەڵگا خۆی لە توندو تیژیەکی مەترسیداردا دەبینێتەوە.

2019|11|26

هونەرمەند وەفیق زامدار لە

وانگەی کارە هونەرییەکانییەوە ... ئامادەکردنی : عەبدوڵا سەرمان(مەشخەڵ)

لێگەڕێ خوێندنەوەی کتێبی (جیاوازییەکانمان) ی مەنسوری حیکمەت، هونەرمەند گەشا نکاری بە سەردا هات

ئامادەکردنی : عەبدوڵا سەرمان(مەشخەڵ)
کۆتایی مانگی ئازاری ٢٠١٩

هونەرمەند وەفیق بەکر زامدار لە ساڵی ١٩٦٧ لە شاری هەولێر لە خێزانێکی زەحمەتکێش لەدایکبووە. وەفیق زامدار هەر لە سەرەتای کاری هونەرییەوە توانیوێتی شانبەشانی بزووتنەوەی کۆمەنیستی نوێ لە کوردستان بە هونەرکەی بەشداری چالاکانە بکات و ئامادەیی هەبێت لە خەباتی سیاسی و جەماوەریی. دوای راپەڕینیش لە زەربەی مەراسیم و یاد و بۆنە سیاسیی و چینایەتییەکاندا وەک (هەشتی مارس ڕۆژی جیهانی ژن، یادی لینین، ڕۆژی شورا لە کوردستان، یادی مارکس، یەکی ئایار ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار) هەم بە خەتە خەشکەی و هەمیش بە تابلۆ و کارە هونەرییەکانی بەشداری کردووە و جەستی دیار بووە. وەفیق زامدار خەباتی چینایەتی کرێکارانی کردبووە سەنگەر و لەوەوە ئاسۆی بەرهەمکانی بە سۆشیالیزم جوانتر و ڕازاوەتر دەکرد. هونەرمەند زامدار وەک چۆن سەرەتای کاروانی هونەریی و سیاسیی بە بەدەستەوەگرتنی مارکسیزم وەک زانستی رزگاری بەشەریەت لە ستەم چەوسانەوە دەست پێدەکات، ئاواش تا ئەمڕۆ سەرسەختانە بەوای بەو ڕێبازە شۆڕشگێرانەیە هەیە و دەستی لە بەر نەداوە.هونەرکەشی وەک هونەری چینایەتی کە دەرخەری ڕاز و خەم و هەست و خەشی و ئاوات و ئارەزووی ئینسانی کرێکارە، ئاواش زادەی ئینتمایەکی چینایەتی بەهێزی هونەرمەندە بە خەباتی چینایەتی و جیهانبینی مارکسیزم. زامداری هونەرمەند لای ووونبوو کە هونەر ناکرێ بە موجەردی و لەدەرەوەی کۆشە چینایەتییەکانەوە ببینرێت و دەستی بە ببرێت. بەیە هونەر لای ئەو ئاوێنەی باڵانومای خەبات و بەرگری چیانیەتی کرێکارانە لە دژی بەرژوازی. لەڕوە هونەرکەی تەکەڵ بە باوەڕە سیاسییەکەی(مارکسیزم) دەکات.

ئاسۆی کار و بنچینەی ئیشە هونەرییەکانی زامدار گەرچی زیاتر لە

مەراسیمە کرێکاریی و سیاسییەکاندا زۆرتر دەردەکەوتن، بەڵام زامدار ئەوەی بە فەرز وەرگرتبوو کە ئینسان ئەسڵە و لەسەرجەم کارە هونەرییەکانیدا گەڕاوەتەوە بۆ ئینسان. وەفیق زامدار لە ڕووی هونەرییەوە سەرباری دەستەڵەنگینیی خۆی لە بەکارهێنانی بۆیە و هێڵکاری و زۆیت و پاستیل. خاوەن سەلیقەیەکی ئیستاتیکیی بەرزیشە کە لە نمایشکانی ئیشە هونەرییەکانی بینەر کەمەندکێش دەکات و هەوە دەدات سەرنجیان ڕابکێشی و بۆ ئەودیو سنوورەکانی تابلۆکان. ئیشە هونەرییەکانی زامدار ڕامانیان تێدایە و بینەر بۆ ڕامانەوە دەبە سەرنج لە گەمەی ڕەنگەکان بەدات و ئەو هەمە و ئاماژە هونەرییانە بدەزێتەوە و هەوە بدات کەدی ڕەنگ و هێڵکان بناسێت و بیان کاتەوە. ئەگەر سەلیقەی هونەری و ئاستی ئیستاتیکیی ئیشە هونەرییەکانی زامدار بۆ ئاستە سادە نەبن و بۆ ئاسانی خۆ نەدەن بەدەستەوە، بەڵام خودی خۆی تا بڕێی سادە و ساکارو جوانە و بۆپەڕی سادەییەوە سەرقاڵی ئیشە هونەرییەکانی خۆیتی. کاتێکیش چەند پرسیارێک ببوونە ئەنگیزەی ئەناتەمی ئیشەکانی، زامدار بۆپەڕی سادەییەوە وەڵامی دایەوە.



یەکێک لە کارە بەراییەکانی هونەرمەند وەفیق زامدار ١٩٨١



کیمیا بانی هەڵبجە

کاتێکیش لەمپرسی چ کارێکی هونەری نوێی لەبەردەستدایە و سەرقاڵی چ پڕۆژەیەکی هونەرییە، هونەرمەند وەفیق زامدار وتی : پڕۆژەی داهاتووم بریتییە لە کردنەوەی پێشانگایەکی تایبەت لە کوردستان کە بەنیازم ٣٩ تابلۆی جەراوجەر نمایش بکەم. لەهەمان کاتیشدا هەوڵدەدەم بە هاتنە کایەوەی قوتابخانەیەکی هونەریی نوێ لە ژیر بیر و هزری کەمۆنیزمی کرێکاریی، چونکە ڕیالیزمی سۆشیالیستیی کە سەر بە بلۆکی سۆفییەت بوو...لە نەتیجە دا دەرکەوت کە پەیوەندی بە چینی کرێکار و خەباتی کرێکارەوە نەبوو.



بەهاری هەڵەبجە



ئەم تابلۆیە لە هەڵەبجەی لەسەر داوای مەلا بەختیار دروست کرا و لە کۆنفراسی ئاڵای سەش هەڵواسرابوو

سەبارەت بە سەرەتای دەستپێکی هونەری خۆی زامدار وتی : لە بیرمە،

لە قوتابخانە لە پەلی چواری سە رە تایی، بە وسیتی خەم ەە نگ و بەیەکانم تیکەە دەکرد، بەەام لە و ئەزموونەوە بەم دەرکەوت، کە هەردوو ەە نگی سوور و زە رد تەکەە بکرەن دە بنە پرتەقالی، هەروەها تەکەەکردنی ەە نگەکانی شین و زە رد دە بن بە وەنەوشەیی، ئیتر بەو جۆرە. لە پەلی شە شەمی سە رە تایی مامەستا قەدری حەیران داوای پەکە وە ئیشکردنەکی گە ورەی لەکردم کە بریتی بوو لە هە یکەلی ژنە کوردێك بە جە ررە (گەزە) ئاو دەەژێت و ئەم ئیشەی ئەمەیان لە شە قامەکی گە ورەی شاری هە ولێریان دانا .. لە قەناغی خوەندنی دواناوە ندی مامەستا محەمەد و مامەستا سە باح هاوکارم بوون.لە سە رە تا دا کارەکانم مەرکی ناسیونال چەپی، پەوە دیاربوو، خەشویستی نیشتمان و شتی لە وبابە تانە، واتە فیکری شیوعی کلاسیکی لە عەراق، بەەام لەگەە خوەندنەوەی کتەبی جیاوازیەکانمان مەنسوری حیکمە ت، هونە ری منیش گەە انکاری بە سەردا هات، بەیە لە ئیشکانی دواترمدا زەرتر ەە نگی سوور تابلۆکانمی دادەپۆشی. پاەە وانی تابلۆکانم لە جەستە و هە یکەلدا، موبالەغەم تیایدا دەکرد، تا قەبە و گەورەیی کرەکار دە ربخە م، ئە و کرەکارەی خاوە ن بنیاد نانی دونیایەکی نوەیە، دونیایە ك پر لە ئازادی و بە رابە ری.

زامداری هونەرمەند ئیشە هونەریەکانی لە گەلە پەشانگای تایبەت و بە کەمەە نیشان داوە. کاتێک ەووی پرسیارم ئاەاستە کرد، کە ئایا هیچ پەشانگایەکی هونەری تایبەتی کردەتوە؟ زامدار لە وەەامدا وتی : تا ئەستا چوار پەشانگای(ئێکسبیشن Exhibition)ی تایبە ت و دە پەشانگای تری هاوبەشم کردەتوە. لە وانە:
یەک: پەشانگای هونەری تەشکیلی لە هەی میدیا لە یادي لینین لە شاری هەولێر لە ساڵی ١٩٩٢
دوو : پەشانگای هونەری لە باخچەی گەکەند لە شاری هەولێر بە یادی یەکی ئایار ەەژی جیهانی چینی کرەکاری ساڵی ١٩٩٢. شایانی باسە لەو پەشانگایە چاوپێکەوتنێکم لەلایەن ەەژنامەنووسی چەپی ئەمانی بەناوبانگ (لیزا شمیس)م لەگەە کراو لە وەاتی ئەمانیا بەاوکرایەوە. بە داخە وە تاریکپەرستانی کورد ئەو ەەژنامەنووسیان لەناو کوردستان تیرەر کرد.
سێ : پەشانگای هونەری لە شاری ەانیە بەبۆنەی هەشتی مارس ەەژی جیهانی ژنان. ساڵی ١٩٩٢ . جگی باسە تابلۆکانی ئەم پەشانگایەم لەلایەن ئیسلامیەکانەوە (ئیسلامی سیاسی)یەوە دەەندران و سوتێنران.
چوار : پەشانگای هونەری لە شاری تەرەنتە لە ساڵیادی دامە زراندنی حیزبی کەمۆنیستی کرەکاریی عەراق ١٩٩٤.
پێنج : پەشانگای هاوبەشم لە شاری تەرەنتە لە کۆنەدا بە شەوی

هاوپشتی لەگەڵ چینی کرێکاری عێراق و کوردستان.
شەش : پێشانگای هاوبەش لەگەڵ چەند هونەرمەندی شۆڕشگێڕی کۆنەدی ساڵی ١٩٩٣.
حەوت : چەندین پێشانگای هاوبەشی تر.



تابلۆی ستەمی ژنان



تابلۆی کۆمۆنیزمی کرێکاریی

هونەرمەند وەفیق زامدار لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە ئایا جگە لە کاری هونەری و کردنەوەی پەشانگا تایبەتی و هاوبەشکانی، لە هیچ بوارێکی تردا چالاکی هەبووە، وتی : بەڵێ بە دڵنیاییەوە چالاکیم هەبووە. سەرباری چالاکی سیاسیم لە چوارچێوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و کوردستان، یەکێکیش بووم لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەرانی گۆڤاری(نینا) ی ئەدەب و هونەری کرێکاریی و ئینجا لە مەبەندی ئەدەب و هونەری کرێکاریی و گۆڤاری(شەبەنگ) ، کە هاوڕێیان جەماڵ کەشش و ئازادی شاعیر و ناڵە حەسەن و خولیا حوسین و بە ختیار و یوسف مەمە نتك و ڕزگار عومەریش لەو دەستپێدا بوون.



تابلۆی بژی سۆشیالیزم

لە کۆتایدا ماوەتە بەم زامدار لەو هونەرمەندانەیە کە هونەری تەکنیکی بە باوەڕی خۆی کردووە و کەمتر کاری جوانی بە هەناوینەتە بەرهەم کە تا مڕۆوی خەباتی کرێکاریی کوردستان بوونی هەبێ، ئەو کارە هونەرییانەش بەهای هونەری و ئیستاتیکیی و سیاسی خۆیان لەدەست نادەن.

تەوەر … سەباح ەنجدەر

بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە کلیکی ئێرە بکەن ……

خۆپاراستن لــە بۆ ئوومــێدی … فاتیمە احمەد

خەدانەدەست نائومێدیی، مەترسیدارترین کێشەیە کە مرۆڤ تووشی دەبێت بەشێوەیەکی بەردەوام لەژیانی ەژانەیدا.

نائومێدیی تەنها نابێتە ەگر لەبەردەم ئیشو کاری ەژانەماندا، بەکو کاریگەری لەسەر لاوێتیمانو پەیوەندییە کەمەلا َتییەکانمان دادەنێت.

ئەو خاڵانەی ڕزگارت دەکات لەم جۆرە هەستانە:

1ــ بۆ ئارامبوونەوەت، هەناسەیەکی قوڵ هەڵمژەو بەشێوازێکی هێواش هەناسە بدەرەوە.

2ــ کێشەکان بۆ کەسێکی نزیك یان هاوڕێیەکت باس بکە، تا ئارام ببیتەوەو سوود لەبۆچونەکانی دەوروبەرت وەربگریت، بەڵام
دەبێت ئەو کەسەی کێشەکانتی لابادەکەیت جێگای متمانەت بێت.

3ــ گریان باشترین دەربڕینە بۆئەوەی خەمەکان بەوێنەتەوە، لەو کاتانەی ڕاای لەسەر بڕیاردانو تووشی خەمێکی
دەبیت، گریان بەشێك لەو خەمکیەت لادەباتو دواتر باشتر دەتوانی بڕیار بدەیت.

4ــ هەوڵبدە لەو کاتانەدا بچیتە دەرەوە،
پشوویەك بەمشكو جەستەت بدەیتو بچیتە شوێنێکی گشتی.

5ـ باوەڕ بەخۆبوون بەوەی کەدەتوانی
بەسەر ئەوکێشەیەدا زاڵ دەبیتو متمانەت بەخۆت هەبێت با سەرکەوتووش نەبیت،
مەرجێکی گرنگە بۆ نەترسیی.

6ـ گرنگی بەخولیاکانت بدە، ئەمە لەکەسێکی دڵتەنگەوە دەتگۆڕێت بۆ کەسێکی دڵخۆش.

7ـ بەردەوام ئەوەت بیربێت کە ئەم نائومێدییە کاتییەو دەگەڕێتەوە ژیانی ئاسایی خۆت.

فاتیمە احمەد

لەگەڵ ئەم خاکە نیشتمانێک بۆ دووبارە ... ن: لانگستۆن هیوگەس

لە ئینگلیزیەوە: هەمن ئەمانی

لەگەڵ ئەم خاکە نیشتمانێک بۆ دووبارە
لەگەڵ ئەمجارە ئەو ئاواتە بێت کە بوو
لەگەڵ کە ئابڕوک بۆ لە دەشتا
وە لە هەواڕکدا کە ئازادە ئەقڕە بگرێ

(ئەم خاکە هەرگیز نیشتمانێک نەبوو بۆ من)

لەگەڵ ئەم خاکە خەیاڵ و خەونی هەموو ئاواتەکان بۆ
لەگەڵ ببێتە هەرەمی شکۆمەند و مەزنایەتی خۆشویستیی
ئەو شوێنە بێت، زوەمی زاڵمان بۆ دەستی پاشاکان دانەپۆشرێ
تا هەرکەسێک ژێرچێپۆکانێ ژێر خاک نەندرێ

(ئەم خاکە هەرگیز نیشتمانێک نەبوو بۆ من)

ئاە، لەگەڵ ئەم نیشتمانە وەاتێک بۆ کە ئازادی
نەڵازابێتەوە بۆ پشتێنی دڕێندەی نیشتمانپەروەری،

بەڵام بوار و دەرفەتی ئاستەقینە بە هەموانە، ژیان ئازادە
و یەکسانی لەو کەش و هەوایەدایە وا هەیدەمژین

(لەم نیشتمانی ئازادە، نە یەکسانی بە من بووە و نە ئازادی)

پەم بڵێ، ئەتە کەی وا لە تاریکیدا لەو دەبزوی بە ئەسپایی؟
ئەتە کەی وا کە سەرپشت هەموو ئاورینگی ئەستەرانی گرتووە؟

سپی پەستەکی ءەوداەم، هەڵخڵتاو لە سوچەکا فڕە دراوم،
ڕەش پەستەکم ئاسەواری کۆیلایاتی بەسەر جەستەدا ئادەکێشم،
ئەو سوور پەستەم کە لە خاک وەدەرنراوم،
ئەو ئاوارەم وا چنگی لەو هیوایەی بەی دەگڕێ توند کردووە،
کەچی هەمیشە ئەو یاسا کۆنە گەمژانە دەدەزمەوە
کە سەگ سەگ هەڵدەدڕێ، وە خاوەن هەز هەژاران وەبن پە دەنە.

من لاوەکم لەوان لەو لە هیوا و توانا
پە بەستکراو بەو زنجیرە دێرینە تا هەتاییەی
قازانج، هەز، بەدەست هەنان، دزینی خاک!
تاڵانی زەر! تاڵانی شەوازی بەرهەم هەنانی داخوازی!
کاری مرۆڤ! یان مووچەکەی!
یان تاڵانی هەموو شتەک بە یاسای تەما کردن و چاو چنۆکی!

من جوتیارم، کۆیلەی زەوی
کرێکارم فرۆشراو بە هەزی ماشەن
ڕەش پەستەکم خزمەتکاری هەموو ئەوە.
من کەمەم، پەشەکاو، برسی، چارە ڕەش
لەگڕێ هەموو ئەو ئاواتەم، هەشتاش برسیم
هەشتاش ئەمن چەوساوەم، ئاه، پەشەنگەکان!
من ئەو کەسەم تا ئەمڕۆکە هەنگاوەکی بە بەرەو پەش نەبزاوتووە،
چارە ڕەشترین کرێکار کەساڕهایە دەست بە دەست مامەڵە دەکرێ.

بەڵام هەر ئەو کەسەم لەم جیهانە پاشکەوتوە دا
کە هەنووکەش ئاغا و ڕەعیەت بوونی هەیە،
سەرەتایی ترین خوێنکانی لەسەردایە
خەیاڵەکی وەها بەهەز، وەها دڵێر، وەها ئاستەقینە،
کە توانای بەباکانە و بوێرانەی هەتا ئێستاش سروود دەڵێ و
لە ناخی هەر خشت و بەردێکا، لە هەر کون و قوژبنێکا دەزرینگێتەوە
و
ئەم خاکەی کردووە بەو نیشتمانە، کەئێستا هەیە.

ئاه، من ئەو کەسەم کە هەموو کەنە زەریاکانی پەواوە
بە گەڕان بەدوای شوێنکدا کە مەبەستمە خاکی من بێت
من هەر ئەو کەسەم کەناراوە تاریکەکانی ئیرلاند و
دەشتەکانی پەڕنیا، مەرگوزارەکانی ئینگلەتەرای بەجێ هێشت
وە دابەزم لە کاناراوەکانی ئافریقای ڕەش
تا ناوچەیەک "نیشتمانێک لە ئازادی" بونیاد بنێم.

ئازاد؟

کێ وتی ئازاد؟ من نا!
بە دڵنیاییەوە من نا! بە ملیۆنان کەس ئەمڕۆ ئازار چەشتوو؟
ملیۆنەها کە دەکوژرێن کاتە مان دەگرن؟
ملیۆنەها کە هیچیان نییە بە وەدانەوەی ئەمە؟
بە هەموو ئەو خەونانەی کە هەمانە
هەموو ئەو سروودانەی خوێندوومانە
هەموو ئەو هیوایەی کە بوومانە
وە هەموو ئەو ئاڵایەی هەڵمان کردن،
ملیۆنەها کە هیچیان نییە بە وەدانەوەی ئەمە
جگە لەو ئاواتەی نزیک مردنە ئەمڕۆکە.

ئاه، لەگەڵمن ئەم خاکە نیشتمانێک بە دووبارە
ئەو وڵاتەی کە تا ئێستاش نەبووە
بەڵام دەبە ببێتە ئەو خاکەی کە هەموان تێیدا ئازادن.
ئەو نیشتمانەی هی منە، هی هەژارەکانە، هی سوورپێستەکانە،
ڕەشپێستەکان، من،
ئەو کەسەی ئەم نیشتمانەی دروست کرد.
ئەوانەی ئارەق و خوێنیان، ئیمان و ئازارەکانیان،
دەستی ئاسنگەری داشتە، لەژێر باران گاسنەکانیان،
دەبە دووبارە خیاڵی بەتوانای ئەمە بگەڕێننەوە.

بەڵێ، هەر تەشەر و جنۆکت لە دڵدایە ئاماستەم کە
پەڵەی ئازادی ژەنگ ناهێنێ.
لەو کەسانەی زەروو ئاسا بەسەر ژیانی خەڵکەوەن،
ئەمە دەبە ئەو خاکەمان جارێکی تر بگرینەوە.
ئاه، بەڵێ،
من بە ئاشکرا دەریدەبڕم،
ئەم خاکە هەرگیز نیشتمانێک نەبوو بە من،
لەگەڵ ئەوەش بەڵێن دەدەم کە دەبێتە وڵاتی من!

لەسەر کەلاوە و وەرانەی تاوانباران
دەستدرێژی وگەندەڵیەکان، نهێنی کاری و دزی، درۆکان
ئەمە، هەموو کەمە
دەبێ زەوی، کانەکان، دارستان و ووبارەکان
کۆکان و دەشتە پان و بەرینەکان
هەموو، هەموو پانتایی ئەم هەرمە گۆرە سەر سووڕ، ڕزگار بکەین
وە دووبارە نیشتمانێک بونیاد بنێین.

---

48 ملیۆن دینارکەی پەرلەمان زەقترین شۆوەی گەندەییە ... ئەحمەد رەجەب

48

لە دەسنیشانکردنی ڕژی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمان هەموو حزبەکان لە سەرانسەری عێراق و کوردستان چالاکانەو بە گەرمی ئەکەونەکارو دابەش کردنی لاپتۆپ و دەمانچە و پارەو شتی ترو دەستپێئەکات و ئەو جارە کارانە ڕۆی سەرەکی هەیە بۆ کرینی دەنگی هاوڵاتیان و، هەرچی داموەزگای راگەیاندیان هەیە: ڕۆژنامە ، رادیۆ، تەلەفزیۆن و سەتەلایت ئەیخەنە کارو لەم بوارەدا پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێشەنگن و، بە پارەی خەڵك سەدان ملیۆن دینار بۆ بەڕوبردنی ئەو دەزگانە خەرج ئەکەن و، لە دواییدا ئەوەی دەنگ ئەهێنێت ئەبێتە نوێنەرو، ئەوەش توانای دابەشکردنی ئەو کەرەستەو پارەو بەرتێلەی نییە ئەبێتە تەماشاکەرو لاوازانە بەشداری هەڵبژاردنەکە ئەکات.
لە وڵاتان پەرلەمان لە خزمەتی هاوڵاتیانەو لە عێراق و کوردستان پەرلەمان لە خزمەتی پەرلەمانتاران و خزانەکانیانەو، جاروبار هەندی لەم پەرلەمانتارانە سەرەرای ئەو موچە مەڵە کە بریتییە لە موچەی خۆ و موچەی تاقمی پارێزگاری (حیمایە) و بندیوارەکانی فڕ و دزی ئەکەن قەت تێرناخۆن و، بۆ نموونە خالد ئەلعەتییە کە یەکێکە لە گەورە بەرپرسانی ناسراوی لیستی " دەوڵەتی ئەلقانون" سەر بە

نوری ئەلمالکی لە فڕۆکەخانەی هیسرۆ (Heathrow) لە لەندەن بە یەك (ملیۆن) دۆلار گیراو هەر ئەم کابرایە (خالد العتییە) عەمەلیاتی جوانکاری بۆ ژنەکەی کردبوو، پاشان لە گەرانەوەی بۆ پەرلەمان بۆ چەواشەکردن و وەرگرتنی پارە وتوبووی عەمەلیاتی بەواسیرم کردووە بە – 55 – ملیۆن دینار لە عێراق بە -1- ملیۆن ئەکرێت،
بەرامبەر بە کەسانی خراپ و بوودەڵە ، کەسانی دەستپاك و زاناو تێگەیشتو ڕۆشنبیرو نیشتمانپەروەرو دڵسۆز لە پەرلەمان هەیەو، چالاکانە بەرگری لە مافی هاوڵاتیان ئەکەن و، گەندەڵی و گەندەڵکاران ئەخەنەروو شەرمەزارو ریسوایان ئەکەن و هەوڵ بۆ چاکسازی و دادپەروەری ئەدەن.
لە ساڵانی پێشوو ئێستاشی لە گەڵدا بیت بەرپرسانی هەرێم و حکومەت کوردستانیان دووچاری قەیران کردووەو، لەو کاتەی مووچەی مامۆستاو فەرمانبەران برا، پەرلەمان بە نیاز بوو ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبێل لە جۆری (لاندکرۆزر) بە ناوی پەرلەمانتاران بکرێت بە نرخێکی خەیالی و، ئەوەی بەدی ئەکرێت لە خولەکانی رابردوودا زوربەی پەرلەمانتاران ئۆتۆمبێلەکانیان نەگۆڕاوەتەوەو دەستیان بە سەردا گرتووەو، لێرەدا پێویستە پەرلەمانتاران هەڵوەستەیەك بکەن و، لە خۆیان بپرسن ئایا نوێنەری کێن؟ و، لە پێناوی چی بە – 6، 7- ملیۆن دینار خانەنشین ئەکرێن.
لە وڵاتانی پێشکەوتوو دەوڵەمەند کە خولی پەرلمان کوتایی دێت ، نوێنەرەکان (ئەندامانی پەرلەمان) ئەگەرێنەوە بۆ سەر کارو پیشەی پێشوویان واتە مامۆستا بۆ قوتابخانەو کرێکار بۆ کارگەو دارتاش بۆ دارتاشخانەو ئاسنگەر بۆ ئاسنگەری وجوتیار بۆ کێڵگە و، هەر یەك لەمانە بە گوێرەی پیشەکەی خانەنشین ئەکرێت.
ئەوەی لە پەرلەمان کراوە هەر پەرلەمانتارێك بە – 6 ، 7 – ملیۆن دینار مانگانەو خانەنشینی وەربگرێت و، – 48 – ملیۆن دیناری پێبدرێت زەقترین شێوەی گەندەڵییە و، لە هیچ وڵاتێك ئەو جۆرەکارە نەکراوو ناکرێت و، پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو پارە مەڵە بەرتیلە یان پاداشتە؟ و، پێویستە خەڵك بڕدار بێت و بپرسێت ئایا بۆچی نوێنەرەکانی ملکەچی پارە ئەبن؟و ئەم نوێنەرانە لە کێوەێ هاتوون؟ و تا رادەیەك خەڵك تاوانبارە چونکە لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگی بەو کەسانە داوە و لەمڕدا جێی متمانە نین.
مامۆستایەك – 30 یان 40 – ساڵ وانەی وتووەتەوەو بە ملیۆنیك دینار وبگرە کەمتریش خانەنشین ئەکرێت بەڵام پەرلەمانتارێك مووچەی مانگانەی شەش ، حەوت ئەوەندی مووچەی مامۆستاکەیە ، هەندی پەرلەمانتار تووشی شاگەشکە بوون و، قەت بیری نەکردووەو ئەوەندە پارە بە جارێك وەربگرێت و، یەکێك لە پەرلەمانتاران خۆ بە ئیسلامی

پلە یەك ئەزانی وتی: ئەو برە پارەیە بەپێ شەرع وفەتوا قبوڵەو، وادیارە ئیسلامیەکان ئەو جۆرە شەرعە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکار ئەهێنن.
ئەگەر سەیری لیستی ناوەکان بکەین کە – 48 – ملیۆن دینارەکە وەرئەگرن بۆمان دەرئەکەوێت ئەو کەسانە شەووڕۆژ باسی گەندەڵی وچاکسازی و دادپەروەییان ئەکرد پێشەنگن لە وەرگرتنی پاداشتەکە1؟، گرنگ ئەوەیە خەڵك لە داهاتوودا هوشیار بێت و ، بزانێت دەنگ بە کێ ئەدەن،
لە کوتاییدا ئاماژە بۆ یەك کەس ئەکەین کە – 48 ملیۆن دینارەکەی رەتکردەوو وەرینەگرت ئەویش هاوری عەبدولڕەحمان فارسە ناسراو بە { ئەبو کاروان} ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان و،جێی دەستخۆشی و شانازییەو نموونەیان زۆرتر بێت.
27/11/2019

کەی وە چۆن دەستم بە خوێندنەوە کرد؟…ئەحمەد کامەران

سەرەتای دەست پێ کردنم بۆ خوێندنەوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (2015) کە ئەوکات لە پۆلی 10ی ئامادەیی بووم,ڕۆژێکیان داوام لە خاڵی کۆچ کردوم مامۆستا (تەها ئاغاجان) کرد کە کتێبکی فەلسەفەم پێ بدات بۆ ئەوەی بیخوێنمەوە ,چوونکە من لەو قۆناغەی ژیانمەوە ئارەزووم بۆ شتە نهێنی و ئاڕەزەکان دروست بوو بە تایبەتیش بابەتە فەلسەفیەکان, بەڵام خاڵم ەتی کردەوە کە کتیبکی فەلسەفەم پێ بدات, پێی گوتم: جارێ کتێبی فەلسەفە بۆ تۆ زووە , هەرچەندەش کە خۆی هونەرمەندو ڕۆشنبیرێکی بە توانا و لێهاتوو بوو,وە هەروەها خۆی بە بەردەوامی کتێب و ڕۆژنامەکان لە ژێر باڵی خۆی دادەنا وە لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام دەیگوت: مڕۆق بە خوێندنەوە جوانە لەگەڵ ئەوەشدا سیمای پێشکەوتنی پێوە دیار دەبێت, بەڵام هەستا کتێبکی تری پێ دام بە ناونیشانی (پێناسەکانی ژیان) کە لەلایەن هیمداد دڵشادەوە نوسرابوو کتێبکی کورت و پوخت بوو, ئیتر لە پاش خوێندنەوەی ئەو کتێبەوە من ئارەزووی خوێندنەوەم بۆ دروست بوو, لەپاشان بۆیارم دا کە ئیتر بەردەوام بم لە خوێندنەوە پاش

تەواکردنی ئەو کتێبەی کە خاڵم بەمنی دابوو ڕاستەخۆ زۆرێشتم بەرەو کتێبخانە بۆ ئەوەی کتێبێکی فەلسەفە بکڕم کە بە ناوی قوتابخانە فەلسەفیەکان بوو بەڵام ئەوەم بەبیر نایەتەوە کە لەلایەن کێ وە نووسرابوو , بەڵام لە کۆتایی دا قسەکەی خاڵم زۆر ڕاست بوو کە گوتی: کتێبی فەلسەفە بۆ تۆ جارێ زووە, کاتێك لاپەڕە بە لاپەڕە خوێندمەوە لاپەڕەکانی نزیکەی 400 بەرەو سەرەوە بوو نەم توانی ئەو تێگەیشتنە ئەوتۆیەم بۆ ئەو کتێبە دروست بێت بەهۆی ئاڵۆزی وشەکانیەوە.

- خوێندنەوە لابردنی ئازارەکانی نێو مشکە, وە هەروەها خوێندنەوە فراوانکردنی ئادەبەدەری مشکەکان کە هیچ کاتێك ناهێلێت مشکی منداڵەکان بچووك ببنەوە.
هەرچەندە بەردەوامیم لەگەڵ خوێندنەوە جارو باریش ئارەزووی نوسین لە خەیالمەوە دروست دەبوو, بەڵام گرنگیم بەو خەیالەم نەدەدا , بەڵام پاش تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بەسەر خوێندنەوەم ئارەزوویەکی نوسین بۆم دروست بوو کە وای لێکردم دەست بکەم بە نوسینەوە,بەڵام لە پاش دوو نوسینم و بڕاوکرنەوەیان لە ڕۆژنامەکان و ماڵپەڕەکاندا,کە ئیتر بۆیارم دا وازبهێنم لە نوسینەوە ,بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەو بۆیارەم نەتوانی جێبەجێی بکەم, چوونکە هەر چۆن لەسەرەتادا خۆشەویستیم بۆ خوێندنەوە دروست بوو, بەهەمان شێوەش خۆشەویستیەکیشم بۆ نوسین دروست بوو, بەڵام نازانم کە چ کاتێك خۆشەویستیەکەم بۆ نوسین لە دەست دەدەم ,بەڵام لە دەست دانی خۆشەویستیم بۆ خوێندنەوە شتێکی مەحالە تەنیا بە مردن دەبێت لە دەستی بدەم, بەڵام ئەوەی کە ناوی نوسینەوەیە بەردەوام لەسەر پەتێکی باریك ڕاوەستاوە کە دەتوانرێت لە هەر کاتێکدا ئەو پەتە ببڕێت و جارێکی تر دروستی نەکەیتەوە.

خوێندنەوەیەك بۆ هۆنەدی

جوانیناسی هەربەرت مارکوزە .. عەبدوڵا سەمان(مەشخەڵ)

ڕەخنەی ئەدەبیی

عەبدوڵا سەمان(مەشخەڵ)
ئازاری ٢٠١٩

هەربەرت مارکوزە لەم کتێبەیدا و لەگەڵ خوێندنەوەیەکی چەپەوە (١) تێکۆشاوە هەمان ئەو ڕەخنانە بڕجەستە بکاتەوە کە بیرمەند و نووسەرانی بڕژوازی دژە مارکسیستی ئاراستەی خودی جیهانبینی مارکسیزمیان کردووە. بەتایبەتیش لە بوارەکانی ئەدەب و هونەر و ئیستاتیکا. مارکوزە لەو شۆڕشەوە دەست پێدەکات کە پێوەندی دیالێکتیکی و ئۆرگانیکی نێوان شێوە و ناوەڕۆک بە گەڕانەکی شیاو دەزانێت بە هەناسەدانی ڕەخنەگرانی و لە درێژەی خوێندنەوەکەی خۆیدا هەمان ڕەبازی هونەر بە هونەر پێگیرانە پیادە دەکات و بڕگری لە دەگات. با تازەک ڕوونتر بڵێم مارکوزە دەت لەسەر چەند چەمکێک ئیش دەکات و تیشکیان دەخاتە سەر وەک سەربەخۆیی هونەر و ئەدەب و پێوەندی هونەر بە واقع و ڕەسەنایەتی دەق و خوێنەک و زمانی نووسین و ڕەخنە و ...تاد، بە دەرخستنی ئاریشەکانی ئیستاتیکای مارکسیستی و بڕوودان یان پشتیوانیکردن لە ئەدەب هونەری سەرتاپاگیر و گشتی یونیڤەرسالیی، نەک ئەدەب و هونەری چینایەتی کێکاران یان پرۆلیتاریا." هونەر لەژێر تیشکی ئەم حەقیقەتە یونیڤەرسال و بان مەژووییەوە دەکەشرێتە نەو ئەو ویژدان یاخود وشیارییەی کە تەنها ئینتمای بە چینێکی تایبەتەوە نییە بەڵکو بە هەموو تاکێک." (٢) مارکوزە دەت ئەدەب و هونەر لە ڕووی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا جیا دەکاتەوە، چونکە بەڵای مارکزەوە پێوەستبوونی ئەدەب و هونەر بە خەباتی چینایەتی کرێکاران ناتوانێ دەرخەری جواناسی دەق بێت. ئەو پێوایە ئەدەب و هونەر دەبێ سەربەخۆ بن." من وەزی سیاسی هونەر لە خودی هونەردا دەبینم.
